

# یاداشتەکانم 3

## لەتیف هەڵمەت

● وەکو لەبیرم بێ زۆرترینی ئەو کەسانەی کە دەهاتن بۆلای باوکم دۆعایان بۆ بکات (جگە لەوانە کە بۆ دۆعای چلەبڕو چاوەزارو دێوبەند دەهاتن) ئەو ژنانە بوون کە مێردەکانیان لەگەڵیاندا ناجۆر بوون.. هەروەها ئەو کچانە بوون کە حەزیان لەشوو بوو.. زۆرجار ئەو ژن و کچانەش خۆیان لەڕوویان نەدەهات بێن و پیرەژنی تەڕپیرو دایك و نەنکی خۆیانیان بۆ ئەو دۆعایانە بۆ لای باوکم ڕادەسپارد.. هەروەها هەندێ پیاو بۆ دۆعای ئەوە دەهاتن کە ژنەکانیان بەدیاریانەوە دانیشن و نەتۆرێن و گەلێ لاویش بۆ ئەوە دەهاتن باوکم دۆعای ئەوەیان بۆ بکات کە ئەو کچانەی کە حەزیان لێکردوون و خۆشیان دەوێن، دڵیان نەرم بێ و شوویان پێبکەن و جاری واش هەبوو ژنی هەوێدار دەهاتن بۆ دۆعا بۆئەوەی مێردەکانیان ئەمانیان لەهەوێکانیان خۆشتر بووێ..

هەروەها لەکاتی شەڕو شۆڕدا هەندێ کەس بۆ دۆعای گوللەنەبڕ دەهاتن و جارێکیان لاوێك بۆ دۆعای گوللەنەبڕ هات و وارێدەکەوێت لەشەڕێکدا گوللە هاوەنێك بووە یاخود گوللە تۆپێك، لەنزیکیدا دەدا لەزەوی و پریشکێکی بچووکی بەردەکەوێ و هات لەلای باوکم گلەیی کردو گوتی: بۆ فلان هاوڕێم دۆعایەکی گوللەنەبڕت کردووە زۆر کاریگەرە، بەڵام ئەوەی من خەریك بوو پریشکی تۆپێك بمکوژێ.. باوکم پێی گوت: ڕۆڵە گیان هەی بێ قەزا بی، خۆ من گوللەنەبڕم بۆ کردوی، خۆ تۆپ نەبڕم بۆ نەکردوی، بەڵام ماوەیەکی دی تۆپ نەبڕێکت بۆ دەکەم.. لاوەکە بەم قسەیەی باوکم زۆر دڵخۆش بوو.. من لەم ڕووداوانەوە بۆم ڕوون بووەوە کە باوەڕو ئیتقانی دەروونی مرۆڤ نهێنی و شاراوەی زۆری تیادایەو تاوەکو ئێستا زانست پەی پێنەبردووە. من جارێکیان لەساڵی 1974دا لەنزیکی شارۆچکەی (ڕایات) ناپاڵمێك لەنزیکی من و عەبدولڕەحمان زەنگنەدا (کەخەڵکی شۆڕیجەی کەرکوکەو لەسوید دەژی) دای لەزەوی و دارو دیواری دا بەیەکداو نەتەقییەوە.. من ئەوساو ئێستاش ئیتقان و باوەڕم وەهایە کە هۆی ئەو دۆعایەی باوکم بوو نەتەقییەوەو زیان و زەرەری جەستەیی لێنەداین کە لەگیرفانمدا بوو.. من ئێستاش هەمیشە دۆعایەك زیاتر لەگیرفانەکانمدایەو ئەگەر ڕۆژێ لەبیرم بچێ دۆعایەك لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم لەناخەوە دەشڵژێم، بێئارامی هەموو جەستەو دەروونم داگیر دەکات.

من شێخ مەحمودی باوکمم بەیەکێك لەزانا هەرە لێزان و شارەزاو پسپۆڕەکانی دۆعانووسین دەزانی و لەو باوەڕەدام لەگەڵ مردنی خۆیدا گەلێ ڕازو نهێنی بواری دۆعای بردە گڵەوە.. بەتایبەتی دۆعای پەرکەم و فێلیێهاتن.. من خۆم شایەتحاڵی ئەوەم کە دەیان کەسی پەرکەمدارو فێلیێهاتووی زوو بەزوو چاك کردووەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئەو جۆرە نەخۆشییەیان تازە بووایەو چەند ساڵێکی بەسەردا نەچووبایە..

باوکم هەر دۆعانووس و پسپۆڕی جۆرەکانی دۆعا نەبوو، زانایەکی نوێخوازی چەپڕەوی ئیسلامیش بوو، کتێبێکی بەعەرەبی دانابوو بەناوی (کأسا دهاقا) لەم کتێبەدا هەوڵێکی زانستییانەی دابوو بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دەوڵەتی ئومەوی هەر بەناو ئیسلامی بووەو دەوڵەتێکی تیرەگەری عەرەبی ئومەوی بووەو لەسەر بنەمای دەمارگیری خێڵەکێتی پێش ئیسلام و لەسەر بنچینەی دوژمنایەتی کردنی تەواوی بنەماڵەی پێغەمبەر- د.خ- دامەزراوەو هەوڵی شێواندنی زەمینەی پیرۆزی ئیسلامی داوە.. باوکم گەلێ شەو چەند پەرەگرافێکی ئەم کتێبەی بەدەنگەوە بۆ دەخوێندینەوەو هەستم کرد کاریگەری زۆری بیروباوەڕو بۆچوونی ناو ئەو کتێبە دەسنووسەی باوکم لەناخەوە تاوتوێم دەکەن و دەمگۆڕن و دەمکەن بەمرۆڤێکی چەپڕەوی سەرچڵ و سەرکێشی یاخی و نوێخوازو دوایی ئەو گۆڕانکارییانەی ناخی خۆمم لەجوگرافیای شیعری کوردیدا خستە کار، تەنانەت لەژیانی ڕۆژانەی سەرەتای لاوێتیمدا ڕەنگی دایەوەو هەندێ جار لەو سەردەمەدا قژی خۆمم قۆچی تاش دەکرد.. یاخود بۆ ماوەیەکی زۆر قژم نەدەتاشی و لاسایی لاوە یاخییەکانی فەڕەنساو ئەمەریکام دەکردەوەو هەر لەبیرمە جارێکیان برای بەڕێزم سەید حەسەن پاڵەوانی باوکی کاك سەلاح حەسەنی نووسەرو لێکۆڵەر کە ئێستا لەهۆڵەندا دەژی، چ بەقسەی خۆشی خزمایەتی و چ بەسەرزەنشتی نەرم و نیان قایلی کردم کە بڕۆم قژە زۆر درێژەکەم بتاشم.. دەبێ ئەوەشم لەبیرنەچێ کە هەر لەڕێگای بەڕێز سەید حەسەن پاڵەوانەوە کە دۆستی نزیکی باوکم بوو، کتێبی (کأسا دهاقا)ی باوکم و هەروەها باوکیشم گەیشتنە شاری کەربەلای پیرۆزو لەوێ گروپێکی شیعە پێشوازییەکی گەرمیان لێکردو کتێبەکەیان لێوەرگرت و بەمەبەستی چاپکردنی بەچاپخانەیان سپاردو لەئەنجامدا بەر لەچاپکردنی کتێبەکە دەست بەسەر چاپخانەکەدا گیراو خاوەنی چاپخانەکە ڕاپێچی ئێران کرا لەبەر ئەوەی کوردی فەیلی بوو، لەو کەین و بەینەدا کتێبەکەی باوکم سەری تیا چوو، شوێن و هەتەری نەما شایانی باسە دەستنووسە کوردییەکەی ئەو کتێبەش لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بەهۆی ڕاگوازتنی ماڵی باوکمەوە لەکەرکوك، بزر بوو، کەس نەیزانی چی بەسەردا هات و ئێستا هەندێ پەرەگرافی ڕەشنووسی لەلای منەو هەندێ پەرەگرافی دی بەدەنگی باوکم خۆی، لەماڵی مامێکم ماوە ئەگەر